www.kurdistannet.org
16-10-2006 7:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ماڵپەڕی کوردستان نێت، لە خراپەکاران بپارێزن... ئیدریس سابیر

ئۆسلۆ

ئەگەرچی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان لە ڕاپەرینە پیرۆزەکەی بەهاری ساڵی 1991، دواتریش ڕوخانی ڕژێمی ئێراقی لەناوچوو لە 9. 4. 2003، لە ئاستی قوربانی، خواست و پێداویستییەکانی جەماوەری کوردستاندا نین، بەڵام لەبواری ڕادەربڕینی ڕۆژنامەوانیدا چەنین هەنگاوی بۆ پێشەوە بەدیدەکرێن، هەرچەندە یاسای ڕۆژنامەوانی هەرێمی کوردستانیش بێ کەم و کوڕی نییە، هەروەها لە بواری جێبەجێکردنیشیدا پێشێلکاری زۆر بەرامبەر ئازادی ڕۆژنامەوانی
ئەنجام دراوە.
جیهانگیری و تۆڕی ئینتەرنێت شۆڕشێکی گەورەی لە جیهاندا بەرپا کرد دژ بەسانسۆر لە سەر مێدیاو ڕادەربڕین. دەیان ماڵپەڕی کوردستانی دامەزران و بوونە ئومێدی ئازادیخوازانی میللەتەکەمان و تێکشکێنەری ئابلۆقەی ڕاگەیاندنی داگیرکەرانی کوردستان لە سەر دەنگی شۆڕشی گەلەکەمان.
لەهەمان کاتدا جێی داخە هەنێك لایەن یان کەسی ناشایستە ئەم بوارە پیرۆزەیان خراپ بەکار هێناوە، هەر لەبڵاوکردنەوەی
زۆر بابەتی لاواز بەناوی هۆنراوە، چیرۆك و گشت بوارەکانی نوسین تا دەگاتە نەبونی هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ ئەو بڵاوکراوانە لەلایەن کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەو بوارانەدا و بڵاوبونەوەی دەیان هەواڵی ناڕاست و بریندارکردنی کەسایەتی.
کوردستان نێت یەکێکە لەو ماڵپەرە کوردییانەی لە مەیدانی مێدیای تۆڕی ئینتەر نێت، جێگەی دیار و فراوانە، خوێنەری زۆر و دەیان هەواڵ و بابەتی باشی بڵاوکردۆتەوە، دەیان نوسەرو لایەنی ناساندووە، بۆتە ماڵپەڕێك بۆ کۆکردنەوەی بیروڕای
جیاواز، بەڕێوبەرانی بێگومان شەونوخونی و کاری زۆریان کردووە بۆ دامەزراندن و بەردەوام بوونی، بەڵام ئەوەی جێی داخە زۆر هەڵە نەدەبوو بیانکات کردونی، ئاشکرایە لە بەرامبەر هەرمافێکدا ئەرکێك هەیە بەڵام دەبیینین کوردستان نێت، وەك هەموو مافی ئازای ڕادەربڕینتان بە خۆتان بەخشیوە، بێگومان دەزانن لەبەرامبەر ئەو مافانەدا ئەرکی مرۆڤایەتیو نەتەوایەتیتان لە ئەستۆیە، کەس بەناڕەوا نەبێتە قوربانی هەڵەی ئێوە و پیلانی خراپەکاران و دوژمنانی مرۆڤایەتییەوە.
بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و ناوزڕاندنی هەرکەس بەناحەق لە کوردستان نێت بێت یان هەر مێدیایەکی دی، دوورتان دەخاتەوە لە پەیامی پیرۆزی خزمەت بە گەل و بێویژدانییە بەرەنج و ماندوبوونی خۆتان پێش هەموو کەس.
بەڕێوەبرنی ماڵپەڕەکەتان کارێکی پیرۆزە، خۆتان خۆبەخش و خۆویست هەڵتانبژاردووە، ئەرکێکی ڕەوشتی و مێژووییە، دەبێت ئەو بەرپرسیارێتییە بە متمانەوە بەڕێوە ببەن.
بڵاوکردنەوەی هەندێك هەواڵی ناڕاست و بابەتی لاواز لەهەندێك لە ماڵپەڕەکاندا، چۆن دەیان خەڵکی بەناڕەوا بریندار کردووە، بەهەمان شێوەش هەندێك کەس بەنوسەر و تێکۆشەر ناساندووە! هەرچەندە ئەگەر کەسێك لە مەیداندا هیچیان
نەبێت بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی یان بەپڕوپاگەندە زیاد ناکەن، ئەگەریش بۆ ماوەیەك وا بێت تاسەر بڕ ناکەن و بۆ پێچەوانەکەشی، کورد ووتەنی: دەریا بە دەم پیس نابێت.

ناوزڕاندن، بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست، ئەخرێنە خانەی سیاسەتی پڕوپاگەندە و بەرنامەی چەواشەکاری داگیرکەرانی کوردستان دژ بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان و ئەشگونجێت ببێتە فاکتەرێك بۆ لەباربردنی هەلی دیالۆگ، ڕەخنە لە پێناو چاکسازیدا.
هەندێك جار وەڵامدانەوەی ئەو برینە سارێژ ناکات کە بێویژدانی دروستی دەکات، هەربۆیە لە پێش بڵاوکردنەوەی هەربابەتێکدا هۆشیاری و دڵنیابوون لەسەرچاوەی هەواڵ و ناوەرۆکی بابەتەکە زۆر گرنگە.
کوردستان نێت لەهەست کردن بەبەرپرسیارێتی نەتەوەیی و ڕۆژنامەوانییەوە، نوسیوتانە: کوردستان نێت نووسینی کۆنە بەعسـیەکان و جنێوفرۆشان بڵاوناکاتەوە، ئەگەر لەڕابوردوشدا کردبێتمان داوای لێبووردن لە خوێنەران دەکەین.
بەداخەوە، ڕێکەوتی 11. 10. 2006 لەماڵپەڕەکەتاندا هەواڵێکی ناڕاستی بریندارکەرتان بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی:
شەڕی نێوان گروپی کوردی لەڕێکخراوی دژ بەرەگەزپەرستی و ناوەندی چاك لەنەرویج بەردەوامە! گوایا (قومریە گەرمیانی) ناوێك، بەشـێوەیەکی ناشـایسـتە، دوور لە ئازادی ڕادەربڕین نووسـیوێتی.

کۆبوونەوەی ئامادەکاری بۆ کۆنفراسی دیالۆگی کورد لە نەرویج لە ڕێکەوتی 8. 10. 2006 لە ئۆسلۆ بەڕێوەچوو، تەنها شەش ژن تیایدا بەشدار بوون، لە لیستی ناوەکاندا هیچیان ناویان (قومریە گەرمیانی) نییە! ئەگونجێت پیاوێك بێت پێی باش بووە بەناوی ژنەوە بنوسێ! هەرچیش پەیوەنداربێت بە هەواڵی ئەو کۆبوونەوەیە، ئەگونجێت ئەو کەسە یاخود ناڕاستەوخۆ بەهەڵە هەواڵی ڕووداوەکانی پێگەیشـتووە، یان قەڵەم فرۆشـێکە بەوەکالەت بۆ ڕژێمی بەعسی لەناو چوو و
داگیرکەرانی کوردسـتان ئەنوسـێت.
دەربارەی ناوەرۆکی بابەتەکەش، بەداخەوە ئەوەندە نزمە، لەچوارچێوەی ڕەوشتی نوسین و ڕەخنەگرتن چۆتە دەرێ، لەڕووی دەروونی و سروشتی نوسینەوە، ئەو هەموو ڕك و کینە دەربڕینە، هاوشێوە توانای وەڵامدانەوەی زەحمەتە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سزای یاسایی چاوەڕێی هەڵوێست و هاوکاری هەندێك لایەنی پەیوەندار دەکەم، بۆ دۆزینەوەی کەسایەتی ڕاستەقینەی (قومرییە گەرمیانی)، هەر بۆیە مافی بەرگری و وەڵامدانەوە، دوا دەخەم.

بەڕێوبەرایەتی کوردستان نێت، دوای بڵاوکردنەوەی ئەو نوسینە، لەڕووی مێژوویی و یاساییەوە بەرپرسیارن لە لێکۆڵینەوەی بۆ ساغکردنەوەی ڕاستی یان ناڕاستی ئەو ناوزڕاندنە و دەربڕینی هەڵوێستی ماڵپەڕەکەتان.
لەپێناو چەند بارە نەبوونەوەی ئەم ڕووداوە ناخۆشانەو ڕێگەگرتن لە خراپەکاران بۆ بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەتان بۆ مەرامی نامرۆڤانە و خاڵی کردنەوەی ڕك و کینەی هەندێك کەس و لایەن، پێشنیار دەکەم وەك هەرکەناڵێکی ڕاگەیاندن، لەهەر وولاتێك لانی کەم پەیامنێر یان نوێنەرێك دەستنیشان بکەن، بەتوانا، بەویژدان، پسپۆڕ، بەشێوەیەکی یاسایی بە ئاشکرا کاربکات، ئەرکی هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی بابەتەکان و ڕاستی هەواڵەکان بسەلمێنێت، بەم شێوەیە پێم وایە ئەتوانن خوێنەران وڕەنج وتێکۆشانی خۆشتان، تا رادەیەکی زۆر لەهەڵە و کەموکوڕی و پیلانی داگیرکەرانی کوردستان بپارێزن.
ئیدریس سابیر / ئۆسلۆ
14 .10 .2006